ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# کاریگەری نرخی نەوت لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێن

ئا. غالب محمد علی



ژوری توێژینەوەی سیاسی/ گۆشەی ئابوری

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

ئەیلولی 2016

# کاریگەری نرخی نەوت لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێن

**ئامادەکردنی: غالب محەمەد عەلی**

**ژوری تویژینەوەی سیاسی – گۆشەی ئابوری**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**ئەیلولی 2016**

## پێرست

**پێشەكی ........ 2**
**چۆنێتی دەستنیشانکردنی نرخی نەوت ........ 3**
**مێژووی نرخی نەوت لەماوەی (138) ساڵی رابردودا ........ 3**
**یەکەم: گرتنەوەی نەوتی عەرەبی لە ساڵی 1973 ........ 5**
**دووەم: شۆرشی ئێرانو جەنگی عێراق - ئێران ........ 6**
**سێهەم: خراپی ئیدارەدانی ئۆپیك ........ 6**
**چوارەم: دابەزینی گەورە لەساڵی 1986 ........ 7**
**پێنجەم: قەیرانی ئاسیا 1997 ........ 7**
**شەشەم: قەیرانی ئابوری جیهانی ........ 7**
**حەوتەم: بەهاری عەرەبی ........ 8**
**هەشتەم: گەمارۆی ئابوری سەر ئێران ........ 8**
**نۆیەم: دابەزینی کەمەر شکێنی نرخی نەوت لە (2014/3) تا کۆتایی (2015) ........ 8**
**دابەزینی نرخی نەوت بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە ........ 9**
**هۆکارە گشتیەکان ........ 9**
**هۆکارە سیاسیەکانی دابەزینی نرخی نەوت ........ 13**
**کاریگەریە سیاسیەکانی دابەزین و بەرز بونەوەی نرخی نەوت لەسەر وڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت ........ 16**
**یەکەم: بەرزبونەوەی نرخی نەوت ........ 16**
**دووەم: دابەزینی نرخی نەوت ........ 17**
**هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت ........ 18**
**بەکورتی ........ 19**
**سەرچاوەکان ........ 20**

## پێشەکی

پاش چەند ساڵێک لە سەقامگیری بازاڕی نەوت، لە ساڵی رابردودا نرخی نەوت نزمترین ئاستی تۆمارکرد لە بازاڕەکانی جیهاندا. دابەزینی نرخی نەوت هەمیشە کاریگەری نێگەتیڤ دروست دەکات، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە سامانی سروشتی و نەوتیان کردوەتە سەرچاوەی سەرەکی بودجە و داهاتی وڵاتەکانیان. هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەگوترێت سامانی سروشتی بۆ هەندێک لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت دەبێتە مایەی ڕەحمەت (ئاسودەیی)، بەڵام بۆ هەندێکی دیکەش دەبێتە مایەی نەفرەت و نەگبەتی. بۆ نمونە ئیدارەدانی سامانی سروشتی بۆ وڵاتانێکی بەرهەمهێنی نەوتی وەک نەرویجو مالیزیاو تاڕادەیەکیش ئیمارات سامانی سروشتی بوەتە ڕەحمەت. بەڵام لەبەرامبەردا بۆ وڵاتیکی وەک نەیجیریا سامانی سروشتی بوەتە مایەی نەگبەتیو پاشەکەوتنو دروستکردنو قوڵبونەوەی قەیرانەکانو زیاتر دواکەوتنیان. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت کە هەمیشە کاریگەری دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی کە کەرتی نەوتیان بە دامەزراوەیی نەکردووە زۆر زیاترە، ئەمەش وادەکات راستەوخۆ روبەروی دەیان گرفتو کێشەی ئابوریو سیاسی ببنەوە، هەر لە ئیدارەدانی بودجەی گشتیو پرۆژەکانی خزمەتگوزاریو وەبەرهێنان، تا دەگاتە ئاستی دابینکردنو پێدانی موچەی فەرمانبەرانو دروستبونی پشێویو ناسەقامگیری سیاسی لە وڵاتدا.

دابەزینی نرخی نەوت، تەنها پەیوەست نیە بە ئاستی خواستو خستنەروی بەرهەمی نەوتی وڵاتانەوە، بەڵکو پەیوەستە بەئاستو کاریگەری قەیرانو ململانێ سیاسیە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانیشەوە، چونکە ئەم فاکتەرانە رۆڵی دیار دەبینن لەبواری دابەزینو بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا. واتە ئەم قۆناغە نوێیەی دابەزینی نەوت هێندەی پەیوەندیدارە بەو ململانێ سیاسیە نێودەوڵەتیو هەرێمییانەی کە لە جیهاندا رودەدەن، کەمتر پەیوەستە بە ئاستی بەرهەمهێنانو بەکاربردنی نەوتی وڵاتانەوە.

هەرێمی کوردستانو عێراقیش بەو پێیەی لەلایەك بەشێکی دانەبراون لە هاوکێشەی سیاسیو ململانێی ناوچەکە بەگشتی، لەلایەکی دیکەش سەرچاوەی داهاتو داراییان بە پلەی یەکەم پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، هەربۆیە ئەم قەیرانە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئابوری عێراق بەگشتیو هەرێم بەتایبەت بەجێدەهێڵێت.

لە ئێستادا دۆخی عێراق بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە سایەی دابەزینی نرخی نەوتدا بە بارێکی مەترسیدار و ئاڵۆزدا تێدەپەرێت، بەتایبەت لەروی دارشتنی پلانو بەرنامەی ستراتیژی بۆ ئایندەی ژێرخانی ئابوری. ئەمەش وایکردوە هاوڵاتیانی عێراقو هەرێمی کوردستان هەمیشە پرسیاری سەرەکیان ببێتە ئەوەی کە ئایا دەکرێت رۆژێک سامانی سروشتی ببێتە مایەی خۆشگوزەرانیو سەقامگیریو ئاوەدانی، یاخود دۆخەکە هەر بەم جۆرەی ئێستا دەمێنێتەوەو دەگاتە ئاستێکی خراپتریش؟

لەمیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین باس لە قۆناغەکانی مێژوی دابەزینی نرخی نەوتو هۆکارە گشتیو سیاسیەکانی پشت دابەزینی نرخی نەوت بکەین، لەگەڵ کاریگەریو لێکەوتەکانی دابەزینی نرخی نەوت بۆ سەر کەرتی ئابوری ولاتانی بەرهەم هێن، لە نێویشیاندا هەرێمی کوردستان بە دیاریکراوی.

ژوری توێژینەوەی سیاسی

## چۆنێتی دەستنیشانکردنی نرخی نەوت

دەستنیشانکردنی نرخی نەوت پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بەو شێوەیە ساکار نییە کە سەیری دەکرێت، چەند پێوەرو کاری ئاڵۆزی تێدایەو لەگەڵ بارودۆخی ئابوریدا دەگۆرێت. ئەو نرخەی کە ئێمە لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەبینین‌و دەیبیستین ئەو نرخەیە کە نەوتی پێفرۆشراوە لەو کاتەدا، بەڵام نرخی فرۆشتنی پێشوەختە نیە کە پێشتر گرێبەستی لەسەر کراوە، بەم جۆرە زۆر جار جیاوازی گەورە لەنێوان نرخی فرۆشی ئێستاو گرێبەستی پێشوی فرۆشی نەوتەکە بەدی دەکرێ. لە ئێستادا سێ جۆر نەوت لە جیهاندا هەیە کە هەریەکێکیان بازارێکیان هەیە ئەوانیش:

1. نامێکس وًست تکساس لەبازاری ئەمریکا
2. برنت لە بازارەکانی ئەوروپا
3. عەمان (دوبەی) لە بازارەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا

هەمو جۆرەکانی نەوتی خاو نرخیان لەسەر دادەنرێت‌و دەبێت لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئەو سێ جۆرە نەوتە ئاماژەی بۆکراوە بێت. بۆنمونە نەوتی قورسی عەرەبی؛ لەچاو نەوتی بازاری ئەمریکی (نامێکس وًست تکساس) دا بری (7 تا 10) دۆلار نرخەکەی کەمترە. هاوکات لەچاو نەوتی برنتدا (5 تا 7) دۆلار نرخەکەی کەمترە، بەڵام لە چاو نەوتی بازاری دوبەیدا بە بری (2 تا 4) دۆلار نرخەکەی کەمتر دیاری دەکرێت.

## مێژووی نرخی نەوت لەماوەی (138) ساڵی رابردودا

یەکەم: لەساڵانی (1879 تا 1948) نرخی نەوت هەڵبەز و دابەزی کردوە، نرخەکەی لەنێوان (0.51 - 2)دۆلار بووە .

دووەم: لەساڵانی (1948 تا 1970) نرخی نەوت لەو کاتەدا لەنێوان (2.75 - 3) دۆلاردا بووە .

سێیەم: لە ساڵانی (1970 تا 1974) نرخی نەوت چوار ئەوەندەی خۆی زیادی کردوە، نرخەکەی گەیشتوەتە (12) دۆلاری ئەمریکی. ئەویش لەبەر ئەوەی کە لەساڵی (1973) بۆماوەی شەش مانگ دەوڵەتە عەرەبیەکان نەوتیان هەناردەی دەرەوە نەدەکرد، بەتایبەت بۆ وڵاتەکانی (ئەوروپاو ئەمریکا) بەهۆی کێشەی ئیسرائیلەوە، چونکە لەو کاتەدا کێشەی نێوان عەرەبو ئیسرائیل لەجاران گەورەتربوو، ئەوروپاو ئەمریکاش لەوکاتدا داکۆکیان لە ئیسرائیل دەکرد.

چوارەم: لەساڵانی (1974 تا 1978) نرخی نەوت لەو کاتەدا لە (12.21) دۆلارەوە گەیشتە (13.75) دۆلار.

پێنجەم: لەساڵانی (1979 تا 1980) نرخی نەوت لە (31 بۆ 36) دۆلار بەرز بۆوە، ئەوەش بەهۆی شۆرشی ئیسلامی ئێرانەوە.

شەشەم: لەساڵانی (1980 تا 1983) بەهۆی جەنگی ئێرانو عێراقەوە نرخی نەوت گەیشتە (35) دۆلار.

حەوتەم: لەساڵانی (1983 تا 1985) نرخی نەوت لە (35) دۆلارەوە دابەزی بۆ (27) دۆلار، ئەویش بەهۆی بەردەوامی جەنگی عێراقو ئێران .

هەشتەم: لەساڵانی (1986 تا 1989) نرخی نەوت زیاتر دابەزینی بەخۆیەوە بینی، نرخەکەی لەنێوان (14 تا 18) دۆلاردا جێگیر بوو.

نۆیەم: لەساڵانی (1990 تا 1994) نرخی نەوت دابەزی بۆ (23 تا 15) دۆلار.

دەیەم: لەساڵانی (1996 تا 1998) نرخ دابەزیوە لە نێوان (23 تا 12) دۆلار.

یازدەیەم: لەساڵانی (1998 تا 2008) نرخی نەوت لەمێژوی خۆیدا بۆ یەکەم جارلە (12) دۆلارەوە بەرزبوەتەوە بۆ (97) دۆلار.

دوانزەیەم: لەساڵانی (2008 تا 2009) دوبارە نرخی نەوت بۆ (61) دۆلا دابەزی.


سیازدەیەم: لە ساڵانی (2009 تا 2011) نرخی نەوت لە (61) دۆلارەوە بەرزبۆوە بۆ (111) دۆلار، بەم جۆرەش بەرزبونەوەی نرخی نەوت ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد.

چواردەیەم: لەساڵانی (2011 تا 2014)نرخی نەوت گەیشتە (112)دۆلار.

دوایی ئەوەش لەمانگی (2014/2) نرخی نەوتی برنت گەیشتە (110) دۆلار و دواتریش دابەزی بۆ (27) دۆلار. ئەوەش تەنها لەنێوان ساڵانی (2014 - 2015)ە دا.

تائێستاو، دوای ساڵی (2015) نرخی نەوت کەمێک بەرزبونەوەی بەخۆوە بینیوە، هۆکاری سەرەکیشی دەشێت ئەوەبێت کە ئۆپیك ناتوانێت کۆنترۆڵی بازارو بری هەناردەی نەوتەکەی بکات.

**خشتەی ژمارە (1) نرخی نەوت لە (1861-2013)**




## قۆناغەكانی بەرزبونەوەو دابەزینی نرخی نەوتو هۆكارەكانی

### یەكەم: گرتنەوەی نەوتی عەرەبی لە ساڵی 1973

1. نرخی نەوت بەر لە ساڵی 1973 تا ئاستێک جێگر بوو، لەنێوان (2 تا 3) دۆلاری ئەمریكی بوو. نرخەكەش بەدەست چەند كۆمپانیایەكی نەوتییەوە بوو كە پێیان دەوترا (حەوت خوشكەكە)، ئەوانیش پێكهاتبوون لە هەریەكە لە كۆمپانیاكانی (ئێكسۆن، مۆبیل، شیفرۆن، گالف، تاكۆ، شێڵ، بی پی). ئەم كۆمپانایانە خۆیان نرخی نەوتیان دادەنا، ئەوەش لەبەر ئەوەی بری بەرهەمهێنانی نەوتیان كۆنترۆڵكردبوو، بەشێوەیەكی هاوسەنگ نەوتیان دەردەهێناو هەناردەیان ئەكرد بۆ ئەوەی نرخی نەوت زۆر نەگۆرێت. هۆكارەكەشی ئەوەبوو كە هەمو یەدەگی ئەوكاتەی نەوت لەدەست ئەو خوشكەدانەبوو لە جیهاندا كە حەوت كۆمپانیاكەبوون.

2. بەڵام دوای ساڵی 1973 ئەو سیستمە تێكچوو، ئەوەش پاس ئەوەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ چەند وڵاتێكی وەك ئێرانو فەنزویلا رێكخراوی (ئۆپیك) یان دروست كرد لە نێوان ساڵانی شەستەكاندا. بەڵام لەساڵی (1973) ئەو وڵاتە عەرەبیانەی كەلە ئۆپیك بوونو بەشێك لەو وڵاتانەی كەلە ئۆپیك نەبوون بریاریاندا هەناردەی نەوت بۆ وڵاتانی (ئەمریكاو ئەوروپا) راگرن، ئەویش وەك پێشتر وتمان بەهۆی كێشەی عەرەب - ئیسرائیلەوە، كە پێیان وابوو وڵاتانی ئەمریكا و ئەوروپا پشتگیری لە ئیسرائیل ئەكەن دژ بەوڵاتانی عەرەبی، ئەوەش یەكەم جاربووە ولاتانی عەرەبی نەوت وەك كارتێكی فشاری سیاسی بەكاربهێنن دژی نەیارەكانیان .

3. هەرچەندە ئەو هەڵوێستە بۆ ماوەیەکی کاتی بەردەوام بوو، بەڵام بۆ نمونە لە ماوەی شەش مانگی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتدا، نرخی نەوت چوار هێندە زیادی کرد. واتا نرخەکەی لە نزیکەی (4) دۆلارەوە بەرز بویەوە بۆ (12) دۆلار. پاش ئەوەش نرخی نەوت لەنێوان (14 بۆ 15) دۆلاردا بە جێگری مایەوە تاساڵی (1979)، بەڵام رودانی شۆرشی ئێرانی لەو کاتەدا جارێکی دیکە گۆمە مەنگەکەی شڵەقاندو نرخی نەوت گۆرانی بەسەردا هات.

## دووەم: شۆرشی ئێرانو جەنگی عێراق - ئێران

1. شۆرشی ئێران لەساڵی (1979) بوە هۆی وەستانی هەنارده کردنی نەوت لە لایەن ئێرانەوە، چونکە سیستمی سیاسی گۆرانی بەسەردا هاتبو، لەو کاتەشدا ئێران بەهۆی شۆرشەوە (2) ملیۆن بەرمیل نەوتی لە بازارەکانی جیهان کەم کردووە.
2. لەساڵی (1980) شەری نێوان ئێرانو عێراق دەستی پێکرد. ئەوەش بوە هۆی کەم کردنەوەی بری بەرهەمی هەردوو وڵات لە (6.5) لە شەش ملیۆن و نیو بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. هاوکات لە ساڵی (1981) نرخی نەوت جارێکی دیکە دوای جەنگ بەرز بۆوە بۆ (36.6) دۆلار، پاشان جارێکی تر بۆ (37) دۆلار بەرز بۆوە. ئەوەش تۆمارکردنی بەرزترین نرخی نەوت بوو بەهۆی بەردەوامی ئەو جەنگەوە.

## سێهەم: خراپی ئیدارەدانی ئۆپیك

1. لەنێوان ساڵەکانی (1982 تا 1985) نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینی. هۆکارەکەشی دەگەرایەوە بۆ ئەوەی ئۆپیك نەیتوانی بەباشی ئیدارەی بەرهەمهێنانو نرخی نەوت بکات، ئەویش لە بەرچاوچنۆکی دەوڵەتەکانی بەرهەمهێنی نەوت کە هەمیشە دەیان ویست بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکەن. هاوکات وڵاتانی بەکاربەریش بیریان لەوە دەکردوە جێگرەوەی نەوت بدۆزنەوە، کاریان لەسەرئەوە دەکرد بەرهەم هێنانی جۆرەکانی تری نەوت وەك (نەوتی بەردین) برەو پێبدەن بۆ جێگرەوەی نەوتی ئاسایی، هاوکات بەرهەمهێنان لەدەرەوەی ئۆپیك زیادی کرد، وەك (دەریایی باشور) ئەوەش کاریگەری کردە سەر نرخی نەوت.
2. ئۆپیك رۆژانە نزیکەی (30) ملیۆن بەرمیل نەوت دەخاتە بازاڕەکانی نەوتی جیهانەوە، هەر لەسەرتاوە کاری بۆ ئەوە دەکرد کە هاوسەنگییەك لەنێوان بەرهەم هێنانی نەوتو نرخی نەوتدا دروست بکات، ئەوکاتەش ئۆپیك بریاری دەرکرد پێویستە هەروڵاتێك بەشێك نەوت هەنارده بکاتو پەیوەست بێت پێوەی، بەڵام ئەم بریارەی ئۆپیک جێبەجێ نەکرا تا ئەو کاتەی (سعودیە) رازی بوو خۆی بکات بە (المنتج المرجح) واتە وڵاتانی ئۆپیك بەشی خۆیان نەوت بەرهەم بێنن، دواتریش سعودیە ئەوەی کە ئەمێنێتەوە لە کەم و کورتەیەکانو پرکردنەوەی پێداویستیەکان بەرهەمی بهێنێت.

## چوارەم: دابەزینی گەورە لەساڵی 1986

ئەوەی لەکەرتی نەوتدا کاری کردوەو کاردەکات ئەو دابەزینە لەناکاوەی نرخی نەوتی کە لەساڵی (1986) لەبیرناچنەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە سعودیە وازی لە (المنتج المرجح) هێناو گوتی "کاردەکەم بۆ ئەوەی بتوانم پارێزگاری لەرێژەکەی خۆم بکەم لەبازاردا"، ئەوەش وایکرد کە هیچ وڵاتێك پابەند نەبێت بەو رێژە نەوتەی کەبۆی دیاری کرابوو هەناردەی بکات .
لەوکاتەش نرخی نەوت لە بازارەکاندا گەشتە (10) دۆلار و تەنانەت چەند وڵاتێك دایان بەزاند بۆ (7)دۆلار. ئەو دابەزینەش بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی سعودیە ڕازی بوو بەوەی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکاتەوەو بەوهۆیەشەوە نرخی نەوت بەرز بویەوە بۆ (18) دۆلار تا ساڵی (1989).

## پێنجەم: قەیرانی ئاسیا 1997

لەساڵی (1990  تا 1997) نرخی نەوت لەنێوان (20 بۆ 25)دۆلار جێگیر بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئابوری ئاسیایی شکستی هێناو قەیرانی ئابوری ڕوی لە وڵاتانی ئاسیایی کرد، ئۆپیك کۆبونەوەیەکی لە (ئەندۆنیسیا) ئەنجامدا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بەهۆی ئەوەشەوە نرخی نەوت دابەزی بۆ (10)دۆلار. بەڵام دوای ئەوە رێکەوتن لەنێوان ئۆپیكو چەند وڵاتێکی دەرەوەی رێکخراوەکە وەك (مەکسیك و نەرویج)کرا، دوای ئەمەش بەرهەمهێنانی نەوت کەمو کرایەوەو نرخی نەوت لەساڵی (2000) لە (16) دۆلارەوە بەرز بۆوە بۆ (27) دۆلار.

## شەشەم: قەیرانی ئابوری جیهانی

لەنێوان ساڵانی (2000 تا 2008) خواست لەسەر نەوت زیادی کرد بەهۆی گەشەسەندنی ئابوری هەردو وڵاتی (چین و هیند). گەشەکردنی ئابوری ئەو دوو وڵاتە، بۆ ئۆپیک چاوەروان نەکراوبوو، ئەو رێکخراوە خۆی بۆ ئەو پێشکەوتنە خێرایەی ئەو دو ولاتە ئامادە نەکردبوو، تاوەکو لەبەرامبەردا نەوتی پێویست بەرهەم بێنێت.  ئەوەش نرخی نەوتی بەرز کردەوە، لە مانگی تەموزی (2008) دا نرخی نەوت گەیشتە (147)دۆلار، بەڵام لەنیوەی کۆتایی ساڵی (2008)وە نرخی نەوت دابەزی بەهۆی شکستی بانکەکانی ئەمریکاو مایە پوچ بونی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان. لە کۆتایی ساڵی (2008)نرخی نەوت گەیشتە (40)دۆلار، دوای ئەوە ئۆپیك کۆبونەوەیەکی رێکخست لە (وهران) لە جەزائیر بۆ رێکخستنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتو کەم کردنەوەی رێژەی نەوت لە بازارەکانی نەوتی جیهاندا، کەرۆژانە نەوتیان لە (4.2) ملیۆن بەرمیلیان کەم کردەوەو نەیان دەخستە بازارەوە. واتە بری بەرهەم زیاتر لە (4)ملیۆن کەم کرایەوەو نرخ جارێکی تر جێگیر کرایەوە، بەوەش نرخی نەوت لە ساڵانی (2009 بۆ 2011) بەرز بۆوە بۆ (111)دۆلاری ئەمریکی .

## حەوتەم: بەهاری عەرەبی

لەساڵی (2011) رەوشی سیاسی وڵاتە عەرەبیەکان تێکچوو بەهۆی خۆپیشاندانو نارەزایی جەماوەرییەوە، روداوەکانی ئەوکاتەش ناویان لێ نرا بەهاری عەرەبی. روداوەکان چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک (لیبیا، میسر، تونس، سوریا، یەمەن ...) گرتەوە. بەم هۆیەشەوە هەناردەی نەوت لەچەند وڵاتێك راوەستا، بەتایبەت لە (لیبیا، یەمەن، سوریا). لەلایەکی دیکەشەوە رەوشی سیاسی عێراقیش تیکچوو، بەوەش بڕی هەناردەی نەوت نزیکەی (1.6)ملیۆن بەرمیل رۆژانە لە بازارەکاندا کەمی کرد. ئەم گۆرانکاریانەش سەرئەنجام بووبە هۆی ئەوەی نرخی نەوت بەرز بێتەوە بۆ سەروی (100)دۆلار.

## هەشتەم: گەمارۆی ئابوری سەر ئێران

لەساڵی (2012) ئەمریکاو ئەروپا، گەمارۆی ئابورییان خستە سەر ئێران بەتایبەت گەمارۆی کارکردن لە کێڵگە نەوتەیەکانی ئێرانو گەران بەدوای نەوتو بیرلێدان لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەمریکاو ئەوروپاوە. هاوکات فرۆشتنی نەوتیش بەو وڵاتانە قەدەغەکراو خۆشیان نەیان ئەکری، ئەوەش وایکرد رۆژانە بری یەك ملیۆن بەرمیل نەوت لەبازارەکاندا کەم بکاتەوە ، بەو هۆیەشەوە بۆماوەی (3) ساڵ نرخی نەوت لە سەروی (100) دۆلار مایەوە. بەڵام هەمیشە کاتێك نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە هاوکێشەیەك دێتە ئاراوە ئەویش بریتیە لەوەی (کاتێك نرخی نەوت بەرزبێت وڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت بیری نوێ لێدەدەن و بەوەش بری بەرهەم هێنان زیاد دەکات، هاوکات وڵاتانی بەکاربەریش بیر لە ئەڵەرناتیچێك دەکەنەوە بۆ شوێنگرەوەی نەوت کە زۆرجار باس لە (النفت الصخری) نەوتی بەردی دەکرێتەوە، کەتێچونی بەرهەم هێنانی زۆرە .

## نۆیەم: دابەزینی کەمەر شکێنی نرخی نەوت لە (2014/3) تا کۆتایی (2015)

دوای ساڵی 2014 جارێکی دیکە نرخی نەوت دابەزینی بەخۆیەوە بینی، لەوکاتەوە تا ئێستا دابەزینی نرخی نەوت بەردەوامی هەیە (بەکەمێك گۆرانەوە) تا ساڵی (2016). دابەزینی نرخی نەوت زیانی بۆ سەرجەم وڵاتانی بەرهەمهێن هەیە، بەڵام بۆ وڵاتیکی وەک عێراق ئەو دابەزینە کەمەر شکێنە، چونکە عێراق جگە لەدابەزینی نرخی نەوت، لەهەمان کاتدا دوچاری چەندین قەیرانی دیکەی سیاسیو ئابوریو ئەمنی هاتووە. بەتایبەت لە ئێستادا عێراق لە جەنگی داعشدایە، بەشێکی زۆری خاکەکەشی لەژێر دەسەڵاتی ئەو رێکخراوە دایە کە بەشێک لە کێڵگە نەوتیەکانیش لەخۆی دەگرێت کەئەوانیش بیرە نوتیەکانی (نەجمە، گەیارە، حەمرین-عەین، بەلەد، بەتمە) بوو. لەهەمان کاتدا ئاژانسی نێودەوڵتی ووزە (IEA) لەڕاپۆرتی مانگی 7ی ساڵی (2017) سەبارەت بە بازاڕی نەوت، بڕی بەرهەمهێنانی بیرە نەوتیەکانی ژێر دەستی داعش بەزیاتر لە (80)هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا مەزەندە کردبوو. کەبەو هۆیەوە تەنها لە عێراق نزیکەی (1) ملیۆن دۆلار سودی بەلایەنی دارایی داعش گەیاند. هاوکات

زۆری ئەو نەوتەش بەنرخێکی کەمتر لەبازاڕی قاچاخدا ساغ دەکرایەوە. لەلایەکی دیکەوە نزیکەی 95%ی داهاتی عێراق پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ بۆیە دابەزینی نرخی نەوت زیانی زۆری بەبودجەی (2016)ی عێراق گەیاندوەو دووچاری کورت هێنانی کردووە.
هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوەی عێراق بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و شەری داعشەوە، دوچاری قەیرانی دارای بووە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرنیە بریاری سەربەخۆ هەناردەکردنی نەوتی داوە، بەڵام ئەم هەنگاوەش نەیتوانیەوە قەیرانی دارایی چارەسەر بکات.

زۆرێك لەشارەزایان پێیان وایە حکومەتی هەرێم نەك هەر ئفلیج بوە، بەڵکو لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوە، هەر بۆیە لەپاڵ قەیرانی ئابوری قەیرانی سیاسیش لەهەرێمدا سەری هەڵداو دامەزراوەکانی هەرێم وەک پەرلەمانو بەشێک لە وەزارەتەکان ئیفلیج کران، بۆ دەرچون لەم قەیرانانە دواجار پێویستە سەرجەم جومگەکانی ئەو حکومەتە شکست خواردووە لە فۆرمێکی نوێدا رێکبخرێتەوە، بەتایبەت کە ئێستا حکومەتی هەرێم بەدەست دەیان کێشەی فەرمانرەوای‌و ئیدارییەوە دەناڵێنێ.


## دابەزینی نرخی نەوت بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە

### هۆکارە گشتیەکان


1. لەنێوان ساڵانی (2013 بۆ 2015) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرهەم هێنانی نەوتی بەردی ڕۆژانە زیاد کرد لە (10) ملیۆن بەرمیلەوە بۆ (14) ملیۆن بەرمیل. ئەوەش وایکرد کێبرکێ بکات لەگەڵ روسیاو سعودیە کە گەورەترین وڵاتن بۆ بەرهەم هێنانی نەوت، لە ئێستاشدا لە ساڵی 2016 ئەمریکا لە ریزبەندی گەورەترین ولاتانی بەرهەمهێندا چوەتە پلەی یەکەمو پێش هەریەک لە سعودییەو روسیا کەوتووە. بەم هەنگاوەی ئەمریکا نەوت بە رێژەیەکی زۆر لە بازاردا زیادی کرد، بەراورد بە بەرهەم هێنانی (نێجیریاو لیبیاو ئەنگۆلیا) کە دەوڵەتەکانی بەرهەم هێنانی نەوتن لە ئەفریقا.
زیادکردنی بەرهەم هێنانی نەوت لە ئەمریکا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەو وڵاتە رێگەیەکی تازەی دۆزییەوە بۆ بەرهەم هێنانی نەوتی بەردین پێی دەوترێت (فرانکنینخ) ئەوەش رێگەیەکە تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی تێدا بەکاردێتو ئاوو مادەی کیمیاویی بەپەستان دەخرێنە ناو چینە بەردینەکانو پاشتر بەنەوتو غازی بەردینیان دەست دەکەوێت کە تێچونەکەی لە نێوان (50 بۆ 70) دولارە بۆ هەر بەرمیلێک.
لە 20ی مانگی کانونی دووەمی 2015 یەکەم پاپۆری نەوتی ئەمریکا گەیشتە یەکێك لەدورگەکانی فەرەنساو لە ساڵی (1970)وە شتێکی لەوشێوەیە روینەداوە کە ئەمریکا نەوت هەناردەی دەرەوە بکات.

(بڕوانە خشتەی (2) (3) لەبارەی زۆرترین هاوردەکردنی نەوت لە 10 وڵاتی جیهاندا لەساڵی 2011 و 2015، لە نێویشیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە پاشەکشەدا بووە لە هاوردەکردنی نەوت).

**خشتەی ژمارە (2) زۆرترین هاوردەکردنی نەوتی 10 وڵاتی جیهان لە ساڵی 2011**





**خشتەی ژمارە (3) زۆرترین هاوردەکردنی نەوتی 10 وڵاتی جیهان لە ساڵی 2015**



2. عێراق یەكێكە لەو وڵاتانەی كەلەماوەی نێوان ساڵی 2014بۆ 2015 بەرهەم هێنانی نەوت تێیدا زیادی كردوە ئەویش بەنزیكەی ملیۆنێك بەرمیل لە ڕۆژێكدا و لە (2.7 بۆ 3.7) ملیۆن بەرمیل، كە بەشێكی هەرێمی كوردستان بەرهەمی دەهێنێت، ئەوەش وایكرد ڕێژەی نەوت زیاد بێت لەبازارەكانی جیهاندا.
3. گەرانەوەی ئێران بۆ بەرهەم هێنانی نەوت، ئەوەش دوای رێككەوتنی ئێران لەگەڵ گروپی (5+1) (ئەمریكا، فەرنسا، بەریتانیا، روسیا، چین ئەڵمانیا) لەسەر وزەی ئەتۆمی ئێران و چۆنێتی بەرهەم هێنانی، دوای ئەوەش هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری لەسەر ئێران بەتایبەت لەسەر نەوت، ئەمەش وایكردووە كە تەنها لەماوەی ئەمساڵدا ئێران چەندین گرێبەستی لەگەڵ كۆمپانیا گەورەكانی بەرهەم هێن لەبواری نەوت ئەنجامبدات. هاوكات بەپێی راپۆرتی (ئۆپیك) پدەیەوێت ئێران رۆژانە (3) ملیۆن بەرمیل نەوت هەنارده بكات، بەڵام ئەوە خواستی ئێران نیە، بەڵكو ئێران دەخوازێت زۆر زیاتر لەو برە هەناردەی بازارە جیهانیەكان بكات.
4. نەوتی دەریای بەرازیل، بەرازیل یەكێكە لەو وڵاتانەی بەرهەم هێنانی نەوتەكەی زیاد كردوە، لەنێوان ساڵەكانی (2013 بۆ 2015)، بڕی بەرهەمی لە (2.4) بۆ (3) ملیۆن بەرمیل زیادی كردووە. ئەوەش بە هەڵكەندنی زیاتر لە (81) بیری تازە لە ناوچەكەدا، هۆكاری زیاتر بونی بیرەكانی بەرازیل و بەرهەم هێنانی نەوت لە ناو ئاودا، دەگەرێتەوە بۆ گرانی نەوت لەپێشتردا، چونكە بەرهەم هێنانی نەوت لە ناو ئاودا تێچووی زۆرە، بەڵام بەهۆی گرانی نرخی نەوتەوە بەرازیل توانی نەوتی دەریا بەرهەم بێنێت و سودیشی هەبێت بۆی. ئەوەی جێی باسە ئێستا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ئەو جۆرە لەبەرهەم هێنان وەستاوە، چونكە بەزیان شكاوەتەوە بەسەر وڵاتی بەرهەم هێندا.
5. سعودیە یەكێكە لەو وڵاتانەی كە هەمیشە كاریگەریان هەیە لەسەر نرخی نەوت و بەرهەم هێنانی، چونكە سێهەم وڵاتە لەبەرهەم هێنانی نەوتدا كە رۆژانە بری (9.5 تا 10) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت، چونكە برێكی زۆری یەدەكی نەوت هەیە، كە زیاترە لە (210) ملیار بەرمیل نەوت. بەو هۆیەشەوە، دەتوانێت لەماوەیەكی كەمدا بری بەرهەمی زیادبكاتو كەمی بكاتەوە كاریگەری لەسەر بیرە نەوتەكانی هەبێتو بەردەوامیش هەڵوێستی سعودیە كاریگەری لەسەر بازاری نەوت دەبێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (4) دە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان.

هەرچەندە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە سعودیە لەساڵی (2014) دا بری (82) ملیۆن یۆرۆ كورت هێنانی بوجەی هەبووە، بەڵام دیسانەوە بەردەوامە لە هەناردەكردنی نەوتو دابەزاندنی نرخەكەی تا دوای ساڵی (2016).

**خشتەی ژمارە (4) دە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان 2015**






6. جێگیربونی پلەکانی گەرمی لەوەرزی زستانی نیوەی باکوری گۆی زەوی، بەپێی سەرچاوەکانی کەشناسی ئەمریکا زستانی (2015)ی ناوچەکە زستانێکی گەرمتر بووە بەراورد بە ساڵانی رابردوو. بەهۆی دیاردەی (ال ینیو) کە بەو هۆیەوە پلەکانی گەرما بەرزدەبێتەوە، لەبەرامبەردا خواست لەسەر سوتەمەنی کەم دەبێتەوە، بەتایبەت نەوتی خاو لەهەریەك لە وڵاتانی (ئەورپا، ئەفریقا و یابان).
7. ئۆپیك وەك جاران کاریگەری لەسەر بەهای نرخ نیە، رێکخراوی ئۆپیك پێکهاتوە لە (13) وڵات کە لەنێوانیاندا (عێراق، ئێران، سعودیە، نێجیریاو فەنزوێلا) کە ئەمانە وڵاتانی بەرهەم هێنی گەورەی نەوتن. بەهەموو وڵاتانی بەشداری رێکخراوی ئۆپێکەوە رۆژانە لە ئێستادا بری (32) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنن. کە یەك لەسەر سێی بەرهەم هێنانی نەوتی هەموو جیهانە. بەو پێیە بری پێویستی نەوت لە هەموو دونیادا (92) ملیۆن بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا. بەڵام رایەك هەیە لەسەر ئەوەی (ئۆپیك) دەتوانێت نرخی نەوت جێگیر بکاتەوە، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمو رێکخستنەوەی بازاری فرۆشتنی نەوت، بەڵام تائێستا ئەوکارەی نەکردووە، لەبەرئەوەی ئەندامەکانی ئۆپێك نەك بەرهەم هێنان کەمیش ناکەنەوە بەڵکو زیاتریشی دەکەن.
8. دوای ئەوەی رێکخراوی داعش بەشێك لە خاکی سوریاو عێراقی داگیرکرد، توانی دەستی بگات بە بەرهەمی نەوتی ئەم دو وڵاتە. بەشێك لە بیرە نەوتیەکانی سوریاو عێراق کەوتنە بەردەستی ئەو رێکخراوە، داعش توانی رۆژانە برێك نەوت بەرهەم بێنێت و بەرێگەی قاچاخ و نایاسایيو نرخی هەرزان بیگەیەنێتە وڵاتانو ئەوەش کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخی نەوت هەبوو لەسەر ئاستی بازاری جیهانی.
9. پێش ئەوەی کە راپرسی بکرێت بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا نرخی نەوت گەیشتە (52) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕاپرسیەکە کراو دەنگ بە جیابوونەوەی بەریتانیا درا لە ئەوروپا نرخی نەوت دابەزی بۆ (40) دۆلار هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەشەی ئابوری بەریتانیاو ئەوروپا جێگیر نەبوو. بەڵام وەکو (موعتەسەم ئەحمەد) شارەزا لەبواری نەوت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەڵێت "بەرهەم هێنانی نەوت لە (لیبیاو نەیجیریاو ڤەنزوێلا) کەم دەکات نرخی نەوت جارێکی تر دەچێتەوە (50) دۆلار".

## هۆکارە سیاسیەکانی دابەزینی نرخی نەوت

هۆکاری سیاسی زۆرن بۆ دابەزینی نرخی نەوت، بەڵام رەنگە گرنگترین هۆکاری ئێستا باسی بکرێت خودی دەوڵەتی بەرهەم هێنی سعودیە بێت، چۆن؟ چونکە سعودییە سەرچاوەو سەنتەرێکی گرنگی بەرهەم هێنانی نەوتە لە دنیادا، بەو هۆیەشەوە سعودییە لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە پشتیوانی لێدەکرێتو دەیپارێزن، واتە سعودییە سەرچاوەی بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتانەیە، بەڵام ئەگەر بێت و نرخی نەوت بەرز بێتەوە، وڵاتانی ئەوروپیو ئەمریکا، بتوانن سەرچاوەیەکی تری وزە وەك (نەوتی بەردین) بەرهەم بێنن، ئەوا

ئەوکاتە سعودیە سەرچاوەی وزە نامێنێت و وڵاتان بەو جۆرەی ئێستا پێوستیان بە وزەی سعودییە نامێنێت، ئەوکاتەش سعودییە جگە لە فرۆشتنی وزەکەی پاڵپشتی نێونەتەوەیش لەدەست دەدات کەئێستا هەیەتی هەر بۆیە سعودییە نایەوێت نرخی نەوت هێندە بەرز بێتەوە کە وڵاتان پەنا ببەنە بەر بەرهەم هێنانی نەوتی بەردین .

یەکێکی تر لە هۆکارەکان دەگەرێتەوە بۆ ململانێی بەردەوامی نێوان ئێران و سعودییەو ناکۆکیە مەزهەبی و ئاینی و سیاسیەکانیان، هەریەك لەو وڵاتانەش ئەیەوێت هەژمونی خۆی و کاریگەری زیاتری بەسەر ناوچەکەداهەبێت، لەو روەشەوە ئێستا نەوت بووە بەچەکێکی کاریگەر و دژ بەیەکدی و بۆ شکاندنەوەی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت.


سعودییە نرخی نەوتی دابەزاندووە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی کە ئێرانە کاریگەری لەناوچەکەدا نەبێت یان لاوازی بکات لە سنورەکەدا، چونکە سعودیە بیری لەوە کردوەتەوە ئەگەر ئێران بتوانێت بە خواستی خۆی نەوت بفرۆشێت و پارەی زیاتری نەوتی دەست بکەوێت. ئەوا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر دەست دەخاتە کارو باری ناوچەکە، وەك ئەوەی دەبینین لەئێستادا ئێران بەدەستێکی یارمەتی حوسیەکان دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە بەشار ئەسەدی لەسەر پێی خۆی راگرتوە. هاوکات لە عێراقیش ئێرانرۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پرۆسەی بڕیاردان لە عێراقدا، هەمو ئەمانەش  بە واتایەکی راستەوخۆ لێدانە لە بەرژەوەندیەکانی سعودییە، هەربۆیە سعودیە نرخی نەوت نزم دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتێك لەژێرفشاری زۆرو دورە پەرێزکراوی وەك ئێران نەتوانێت بەکەیفی خۆی دەست لەکاروباری ناوچەکە وەربدات بە زلهێزی ناوچەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سعودییە تەنها دەتوانێت بۆماوەیەکی کاتی بەو شێوەیە بارودۆخەکە رابگرێت.  لە ئێستاشدا کە ماوەی نزیکەی (2) ساڵە نرخی دابەزیوە، پێدەچێت  سعودیە لەهەڵوێستکەی پەشیمان بوبێتەوە. بەپێی سەرچاوەکانیش سعودیە تەنها (18) مانگ توانای ئەو سیاسەتەی هەیەو دوای ئەوەش ناتوانێت بارودۆخەکە رابگرێت، هەربۆیە ئێستا سعودییە خوازیارە نرخی نەوت بەرزبکرێتەوەو هەوڵی بۆئەدات، بەڵام ئێران ئەو هەلەی قۆستوەتەوەو بەئاسانی نایەوێت رێکەوتن بکات .

هۆکارێکی تر بۆ دابەزینی نرخی نەوت روسیاو ئەمریکا و ناکۆکیەکانیانە، لەبەر ئەوەی روسیا وڵاتێکی بەرهەم هێنی نەوتەو یەدەگێکی بەرفراوانی هەیە. نزیکەی (65 تا 70%) بودجەکەی لەسەر هەناردەی نەوت و غازە ، ئەمریکاش دەیەوێت نرخی نەوت بە کەمی و دابەزیوی بهێڵێتەوە بۆئەوەی روسیا نەتوانێت بە ئارەزوی خۆی هەڵسوکەوت بەو پارەیەوە بکات کە لە فرۆشتنی نەوت و گاز دەستی دەکەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە بۆئەوەی روسیا نەتوانێت چەك بەرهەم بێنێت و پەرە بە بۆری و بیری نەوت و غاز بدات، ئەوەش وادەکات ئەمریکا کار بۆ ئەوە بکات نرخی نەوت بە نزمی بهێڵێتەوە سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ ئەوە نەبێت نرخی نەوت بەرز بێتەوە.

هەموو ئەو سیاسەتانەی ئەمریکاش پاڵپشتێکی بەرفراوانی هەیە ئەویش سعودیەیە، رەنگە بتوانێت کێبەرکێیی روسیا بکات لە نەوتدا، بەڵام روسیا دیسانەوە خاوەن یەدەگی یەکەمی غازی سروشتیەو وەك سەرچاوەی سەرەکی غاز هەڵسوکەوت ئەکات، لەو روەشەوە  ئەمریکاوسعودیە هەوڵی زۆریانداوە کێشە بۆ روسیا دروست بکرێت.

کارتێکی تری ئەمریکا قەتەرە، چونکە قەتەر خاوەنی (25) ترلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتیەو دوای وڵاتانی روسیا و ئێران دێت لەڕووی سەرچاوەی غازی سروشتیەوە بەڵام دیسانەوە قەتەر بێ کێشە نیە لە هەناردە کردنی غازی سروشتیدا و ئەگەربیەوێت غازی سروشتی قەتەر بگات بە ئەوروپا ئەبێت بە خاکی سوریادا تێپەر بکات دەسەڵاتی سوریا لە ئێران و روسیاوە نزیکەی نەوەك ئەوروپا و ئەمریکا ،هەربۆیە رەنگە روسیا باڵادەست بێت لە غازی سروشتیدا، دەشێت سعودییەش تا سەر نەتوانێت درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی و ئەمریکا بدات لە ناوچەکەدا.

**نەخشەی ژمارە (5) هێڵی غازی ئێران – عێراق - سوریا، قەتەر - تورکیا**



## کاریگەریە سیاسیەکانی دابەزین و بەرز بونەوەی نرخی نەوت لەسەر وڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت

### یەکەم: بەرزبونەوەی نرخی نەوت

لەکاتی بەرز بونەوەی نرخی نەوتدا، وڵاتانی بەرهەم هێن بەچەندین شێوە سود لەو پارەیە وەردەگرن کە لەئەنجامی بەرز بونەوەی نرخ دەستیان دەکەوێت، بۆنمونە سعودییە لەساڵی (2013) نزیکەی (70) ملیار دۆلار زیادەی لە بودجەی خۆی دەست کەوتووە. هەموانیش ئەوە دەزانین کە وڵاتێکی وەك سعودییە وەک پێشتر باسمان کرد ئەو پارەیە بەدەیان شێوە بەکاردەهێنێت، زۆرجار قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت کە بە رێگای مادی هاوکاری گروپە توند ڕەوەکانیشی دەکات یاخود ئەو پارەیە بۆ بەهێزکردنی شۆرش لە وڵاتانی تر بەکاری دەهێنێت، لەو رێگایەشەوە دەست دەخاتە کاروباری وڵاتانی ترەوە ئەویش بۆ بەهێزکردنی کاریگەری و هەژمونی خۆی.

بەلام لەبەرامبەردا لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بەهۆی بەرز بونەوەی نرخی نەوتەوە کاتێك بودجە زیاد دەکات و پارە دەمێنێتەوە، دەبینین دەسەلاتدارانی وەك نوری مالکی بەدەیان ملیۆن دۆلار لەو پارەیە بۆ بەهێزکردنی پێگەی شەخسی و حیزبی خۆیان بەکار دەهێنن و کە دەسەڵاتیش بەجی دەهێڵن، ئامادەنین هیچ برێک لەو پارەیە بگەرێننەوە بۆ خزمەتی بودجەی گشتی وڵات .

لە هەرێمی کوردستانیش ئەوکاتانەی نرخی نەوت بەرز بۆوە هێزگەلێکی سیاسی و دەسەڵاتداری وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نشتیمانی کوردستان) بە دەیان ملیۆن دۆلاریان بۆ خزمەتی پێگەی خۆیان و حزبەکانیان و بەهێزکردنی هێزە ئەمنیەکان بەکارهێناوە. ئێستاش کە نرخی نەوت دابەزیوە دەبینین یەکەم شوێنێك کە لەسەر ئاستی دونیادا دەنگی داد و بێدادی بەرز ئەبێتەوە هەرێمە دەوڵەمەندەکەی خۆمانە کە کۆمەڵێك سیاسی فاشل و دووحزبی بنەماڵەی بەرێوەیان بردووە. بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی زۆری داهاتی نەوتی بەکارهێناوە بۆ خزمەتی خۆی و بەدەست هێنانی پشتوانی حزبی، بۆ هەندێك کاتی وەك ئێستا کە کوردستان بەرەو دیکتاتوریەت ئەروات و سەرۆکی هەرێم کە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانە پەرلەمانی پەك خستوەو ماوەی سەرۆکایەتی خۆی بەسەرچوە، بەڵام ئەگەر پشتیوانی نێودەوڵەتی نەبێت هیچ دیکتاتۆرێك ناتوێنێت یاساکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ پێشێل بکات و خواستی خۆشی بەدونیادا بسورێتەوە، لەبەر ئەوەی بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە ساڵی (2003 تا 2014) بری زیاتر لە (263) ملیۆن بەرمیل نەوت دەرهێنراوە، ئەوەش بەشێوەیەکی یاسایی و هیچ ئامارێکیش نیە لە سەر ئەو نەوتەی بەشێوەی نایاسایی بەرهەم هێنراوە لە کوردستاندا و کەس نازانێت کێ خاوەنیتی، ئێمەش ئەزانین ئەو ساڵانە ساڵانێکی پر داهات و زیرین بوون بۆ نرخی نەوت کە دەبوایە هەرێمی کوردستان دەخیلەیەکی پر و رویەکی گەشگی هەبوایە، لە ئێستادا هیچ گرفتێکی ئابوری نەبوایە، بەڵام دەبینین هەرێمی کوردستان لە کۆی (24) ملیار داهاتی نەوتی بەدەست هاتوو، جگە لە شیرینی نەوتو گرێبەستەکان کە بری (11) ملیار دۆلار ئەکات، تا ئەم ساتە وەختە بەتەنها بەشێك لە شیرینی ئەو

نەوتە بۆ پرۆژە گەلێکی لابەلا و باقی تری داهاتەکە بەکارهێنراوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی حزب و بنەماڵەو دەسەڵاتدارەکان.

قسەی مەنتقیش ئەوەیە بەو پارەیە هەرێمی کوردستان ئەیتوانی ئێستا خاوەنی بەدەیان پرۆژەی ستراتیژی و بەدەیان هەزار هەلی کاری برەخساندایەو هیچ کێشەی نیشتەجێبوون نەبوایە لەکوردستاندا و گەنجی هەرێمی کوردستان نەکرایە بە خۆراکی ماسی دەریایی ئیجە نمونەی دیموکراسیش بونیادبنرایە لە سنورەکەدا، بەڵام ئەفسویەکە ئەوەیە ئەم هەرێمە نە خاوەنی عەقل و هۆشی بەرێوە بردنەو نە سیستمی سیاسی دیاری هەیەو نە بەرپرسەکانیشی بیر ئەکەنەوە، بەتەنها ئەوەی هەیە یەك دوو بنەماڵەو چەن کەسایەتیەکە کە دەستیان لە قورگی میللەت گیر کردوەو داهاتی زۆر و زەبەنی هەرێم بۆ خۆیان و حزبەکانیان سەرف ئەکەن.

## دووەم: دابەزینی نرخی نەوت

لەکاتی دابەزینی نرخی نەوتدا بەتایبەت لە وڵاتانی وەك عێراقدا کاریگەری بە رونتر دەردەکەێت چونکە ئەم ولاتانە دەوڵەتی کرێخۆرن و تەنها پشت بە یەک سەرچاوەی داهات دەبەستن ئەویش نەوتە بۆیە هەر هەڵبەزو دابەزێک لە نرخی نەوتدا کاریگەری راستەوخۆی دەبێت بۆسەر بودجەو داهاتی ئەو وڵاتە.

مەبەست لەو وڵاتانەیە کە سیستم حوکمیان ناکات، بۆنمونە لەساڵی 1990 عێراق جەنگی کوەیتی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵگیرساند نرخی نەوت بەرزبکاتەوە، عێراق ئەوکات تازە لەجەنگی ئێران ڕزگاری ببو و تێچونی ئەو جەنگەش قەرزداری کردبوو، هەربۆیە عێراق پێویستی بەوە بوو نرخی نەوت بەرزبێتەوە، بۆئەوەی بتوانێت قەرزەکانی بداتەوە. بەڵام ئەوکات وڵاتانی وەك کوەیت و سعودییە بری بەرهەمی نەوتیان لەبازاردا زیاد کرد و نرخی نەوتیان نزم کردوە، بۆیە عێراق داوای لە کوەیت کرد بەرهەم کەم بکاتەوە بەڵام کویت بەوە رازی نەبوو. ئەمە لەپاڵ چەند هۆکارێکی دیکەدا، هۆکاربون تا رژێمەکەی سەدام حسێن پەلاماری کوەیت بدا، بەماوەیەکی کەم عێراق توانی کوەیت داگیر بکات، بەم شێوەیەش عێراق بۆ نێو جەنگێکی دیکە راپێچ کرایەوە، بەڵام ئاکامی ئەم هەنگاوە بە زیان بۆ عێراق و عێراقیەکان شکایەوە، چونکە عێراق لەرێگەی هێزی هاوپەیمانەکان لەکوەیت وەدەر نرا، بەم هۆیەش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بریارێکی نیودەوڵەتی سزای بەسەر حکومەتی عێراقدا سەپاند.

بەم جۆرە عێراق بە چەند بریارێک سزای بەسەردا سەپێنرا، کاریگەریەکانی ئەو بریارانەش قەیرانەکانی عێراقی قوڵتر کردەوە، بەجۆرێک تا روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 کاریگەریەکانی ئەو سزایانەی لەسەر مابوو.

نمونەیەکی دیکە تایبەتە بە دۆخی ئێران لە ساڵی (2009)، کاتێک سعودیە هەستا بە دابەزاندنی نرخی نەوت، لەبەرامبەردا سەرۆك کۆماری ئێران ئەوکات (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) ، بەناچاری بەرنامە و هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکانی لەناوخۆی ئێراندا رابگرن، ئەوەش نارەزایی لێکەوتەوەو دواتر بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەو کاتەی ئێران، ناوبراو نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەست بێنێت و بە رێگەی نایاسایی و

تەزویرکردن لە دەنگدانەکەدا تۆمەتبارکرا سەر ئەنجام ئەمەش بوە هۆی دروست بونی شۆرشی سەوز کە بارودۆخی ناوخۆی ئێرانی بۆماوەیەکی کاتی شڵەژاند .

نمونەیەکی دیکە بریتی یە لە کاریگەری دابەزینی نەوت لەسەر (کاراکاس) پایتەختی ڤەنزوێلا

وەك دەبینین ئێستا قەیرانێکی سیاسی و ئابوری ڕووی کردوە لە وڵاتی ڤەنزوێلا ئەمەش وای کردووە ئەو (2.5)ملیۆن بەرمیل نەوتەی پێشتر هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی دەکرد لە ژێر هەڕەشەی کەم بوونەوەدایە ،ئەمەش وادەکات کە ترسی زیاتر هەبێت بۆ وەستاندنی بەرهەم هێنانی نەوت بەهۆی ئەو پشێویەی لە و وڵاتەدایە.لە ئێستادا کە نرخی نەوت نزیکەی (50 )دۆلارە وە باس لەوەدەکرا کە نرخەکەی بەرز تربێتەوە بەهۆی ئەو قەیرانانەی کە لە ڤەنزوێلا هەیە و وەپێشبینی کردنی وەستانی هەناردەی نەوت لەوڵاتی نەیجیریاش هۆکاری ئەو پێشبینیەبوو ،بەڵام نرخی نەوت نەچووە ئەو بڕەی کە پێشبینی دەکرا،هۆکارەکەشی بەهێزی بەهای دۆلار و گەڕانەوی نەوتی بەردین لەدوای لێدانی چەند بیرێکی نویَ لە ئەمریکا بوو.لەگەڵ بوونی بڕێکی زۆری یەدەگی نەوت لە ڤەنزوێلا بەڵام دابەزینی نرخی نەوت وای کردووە ئەو وڵاتە توشی قەیرانێکی گەورەی ئابوری بکاتەوە و تەنانەت خواردن و دەرمانیش لەپایتەختەکەی (کاراکاس) بەتەواوی کەم ببێتەوەو ببێتە هۆی توڕەبوون و ناڕەزایی هاوڵاتیانی ڤەنزوێلا لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بەتایبەت لەم مانگەدا ئەو قەیرانە بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی دزی بەتایبەت لە گەڕەکی (کاتیا) کەیەکێکە لە گەڕەکەکانی پایتەخت کە لایەنگری تەیاری سەرۆکی کۆچ کردوو (هۆگۆ تشافێز)ن.

## هەرێمی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت

دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆنمونە هەرێمی کوردستان خاوەنی نزیکەی(یەك ملیۆن و پێج سەدهەزار موچە خۆرە)، کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە توشی قەیران بوە. ئێستا سیستمێك نەماوەتەوە بۆ ئەوەی موچەی ئەو فەرمانبەرانە دابین بکات. بەجۆرێک دۆخی موچەخۆرانی هەرێم گەیشتوەتە ئاستێک کەوا بۆ ماوەی (پێنج)مانگ دەچێت موچەیان وەرنەگرتووە. هاوکات پێویستە ئێستا هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ شەفافکردنی کەرتی نەوت بدات بۆ ئەوەی چیتر داهات و سامانەکەی بەفیرۆ نەروات، نەك پەکخستنی پەرلەمان و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان، هاوکات پێویستە بۆ قۆناغی ئێستا یەکێك لەو خاڵانەی بەجدی کار بکرێت لەسەر برینی دەستی حزب و بنەماڵەو تاکە کەس لەداهاتی نەوتدا بۆئەوەی ئەو داهاتە کەمەی دەستمان ئەکەوێت بەشی بەڕێوە بردنی کوردستان بکات . لە لایەکی دیکەشەوە بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم، بەرنامەی هەبێت بۆ بوژاندنەوەی سێکتەرەکانی دیکەی دابینکردنی داهات. بۆ ئەوەی لە ئایندەدا قەیرانی هەڵبەز و دابەزینی نرخی نەوتدا، ئەم دیاردەیە کاریگەریەکی ئەوتۆ نەکاتە سەرئاستی گەشەی ئابووری و قوڵکردنەوەی قەیرانە داراییەکانیان، لەبەر ئەوە پێویستە گشت هەنگاوەکانی دورکەوتنەوە لە دەوڵەتی کریخۆر بگرنە بەر، تاوەکو لەئایندەدا گەر هیچ نەبێت ئاست و قەبارەی قەیرانە داراییەکان بەم شێوەیەی ئێستا قوڵنەبێتەوە و کاریگەری و رەنگدانەوەی نەبێت بۆ پەکخستنی سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکانی دیکەی بواری بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات.

## بەكورتی

ئەوەی لە دابەزینی نرخی نەوتدا بۆمان دەرکەوێت زیاترە لەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. وزە بەگشتیو نەوت بەتایبەتی چەکێکی کاریگەری نێودەوڵەتیە کە دەیان وڵات بەهۆی ئەو چەکەوە هەڵوێستیان گۆرانی بەسەردا دێت و بەدەیانی تریش هەوڵی نزیك بونەوە دەدەن لەو وڵاتانەی نەوتی هەیە.

بۆ نمونە ئەگەر رۆژانە بری (92) ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشرێت و داهاتی فرۆشتنەکەشی بریتیە (3,77) ترلیۆن دۆلار لە یەك ساڵدا، بەڵام لەدوای دابەزینی نرخی نەوت کەم بوەتەوە بۆ (2.3) ترلیۆن دۆلار، ئەوەش رەنگە (1.47) ترلیۆن دۆلار بگەرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی نەوت بەرهەم دەهێنن و لە نێویشیاندا خودی سعودییە زیانێیکی بەرفراوانی بەرکەوتووە، بەڵام دیسانەوە لەسەری بەردەوام بوەو دەیەوێت ئامانجە سیاسیەکانی خۆی بەدەستبێنێت.

ئەوەش پێمان ئەڵێت بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان ئەگەر بیری لێبکرێتەوە نەوت دەتوانێت بەتەنها سەرچاوەی داهات نەبێت، بەڵکو سەرچاوەی گەشەو بەدەست هێنانی پشتیوانی نێو دەوڵەتی بێت، بەتایبەت کە هەرێمێکی (شەش ملیۆن)کەسی وەك هەرێمی کوردستان خاوەنی بری (5.7) ترلیۆن مەتر سیجا گازی سروشتی و بەدەیان سەرچاوەی تری داهات بێت.

بەڵام ئەوەی لەچەند ساڵی رابردودا لە کوردستان گوزەراوە تەنها سیاسەتێکی بەرتەسکی حزبی بوەو کە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لێیی بێ ئاگان، لەبەرامبەردا داهاتی گشتی بوە بەسەرچاوەی خێر و بێر بۆ دەستەو گروپ و تاقمێکی دیاریکراو.

## سەرچاوەكان


1. عدنان الجنابي، الدولـة الريعية و الدكتاتورية، الطبعة الاولي، بغداد، 2013.
2. دكتور مصطفئ خليل، تطور الصراع نحو السيطرة علي البترول العالمي، 1970.
3. توماس زايفيرت، السجل الاسود للنفط، المكتبة الشرقية، 2007.
4. مركز عراق للدراسات، الاستراتيجية الامريكية في العراق والمنطقة، 2008.
5. عزيز حسنالخفاف، دراسات عن الذهب الاسود، بغداد، 1969.
6. ا.د. محمد احمد الدوري، مبادي اقتصاد النفط.
7. اوابك، النشرة الشهرية لاوابك، السنة 20 عدد-2، 1990.
8. اوابك، تقرير الامين العام السنوية السادس والعشرون، الكويت، 1999.
9. ماجد عبداللة، النفط والعملة اقتصادية، المصر، مجلة السياسية الدولية، مطبعة اهرام، عدد 141، سنة 2000.
10. مدحت القريشي، التنمية الاقتصادية، الاردن، دار وائل، السلطة، 2007.
11. جريدة العرب اليومية، الصفحة الاقتصادية، الرياض، الولايات التمحدة تشن معركة سرية لخفض اسعار النفط العالمية، في اليوم الجمعة، 2000.
12. السعودية تسبق روسيا وتحتل المركز الاول كأكبر منتج للنفط في العالم

http://www.cnbcarabia.com/?p=265861

13. Kurdistan & Northern Iraq Operator Activity Map November 2014